# ماوە ( عدة ) ی ئەو ژنەی کە پیاوەکەی دەمرێت

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2014 - 1435

IslamHouse.com

# عدة المتوفي عنها زوجها

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# ماوە ( عدة ) ی ئەو ژنەی کە پیاوەکەی دەمرێت

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار** : ماوە ( عدة ) ی ئەو ژنەی کە پیاوەکەی دەمرێت دەبێت چەندێك دابنیشێت تاوەکو پاشان بتوانێت شوو بکاتەوە ئەگەر هاتوو سکی نەبوو؟ ئەی ئەگەر سکی هەبوو دەبێت چەندێك دابنیشێت ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەو ژنەی کە پیاوەکەی دەمرێت، ماوە ( عدة ) ـە کەی دەبێت چوار مانگ و دە ڕۆژ ئارام بگرێت و دابنیشێت، تاوەکو ئەو ماوەیە دوای دێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِىٓ أَنفُسِهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴾ [ البقرة : ٢٣٤ ] .

واتا : ئەو پیاوانەتان کە دەمرن و، ژنیان لێ بەجێ دەمێنێت، عیددەی ژنەکانیان چوار مانگ و دە ڕۆژە، لەو ماوەیەدا دەبێت خۆیان لە بۆن و خۆ ڕازاندنەوە دوور بخەنەوەو، ئامادە نەبن بۆ داخوازی کردنیان، بەڵام پاش بەسەر چوونی ئەو ماوە دیاریکراوە، لە سنووری حەیاو حورمەتدا دەتوانن هەموو ئەو شتانە ئەنجام بدەن، ئەو کاتە نە کەسوکاری خۆیان و نە کەسوکاری مێردەکانیان حەقیان نیە ڕێگایان لێ بگرن بۆ ئەو شتانە، بە مەرجێك ئەوان خۆیان لە سنووری شەرعی خودا دەرنەچن، خودا زۆر ئاگادارو شارەزایە بە هەموو کردەوەیەکتان .

دیارە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا یەکێك لە حکمەتەکانی ( عدة ) بۆیە دانراوە تاوەکو ئەو ئافرەتە بەتەواوی ڕەحمی پاك بێتەوە لە هەموو ئاسەوارێکی پیاوی پێشووی، وە بۆ ئەوەش بە تەواوی دڵنیا ببێت لەوەی سکی نییە لە پیاوە مردووەکەی .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ( عدة ) ئافرەتێك پیاوەکەی بمرێت، چوار مانگ و دە ڕۆژە ، ئەگەر هاتوو دەرنەکەوت ئەو ئافرەتە سکی هەیە .

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو پیاوەی کە دەمرێت و لەپاش خۆی ژنێکی بەجێهێشت و ئەو ژنە بەدیار کەوتبوو کە سکی هەیە لەو پیاوە، ئەوا ناتوانین بڵێت بە هەمان شێوە ماوە ( عدة ) ی ئەو ژنە چوار مانگ و دەڕۆژە، چونکە پێدەچێت ئەو ژنە بە چوار مانگ و دە ڕۆژ

منالّەکەی نەبێت و ( بەڕائەتی ) ڕەحمی بەدەر نەکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو پیاوێك مردو ژنەکەی سکی یەك مانگ بوو، ئایا دەکرێت بلّێین ماوە ( عدة ) ی ئەم ژنە چوار مانگ و دە ڕۆژە ؟ بێگومان نەخێر ئەویش لەبەر ئەوەی چونکە هێشتا زیاتر لە هەشت مانگی تری دەوێت تاوەکو منالّەکەی دەبێت، کەواتە ماوە ( عدة ) ی ئەم ئافرەتە ئەوەیە دەبێت ئارام بگرێت تاوەکو منالّەکەی دەبێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَأُوْلَٰتُ ٱلْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ﴾ [ الطلاق : ٤ ] .

واتا : ئەو ئافرەتانەی کە سکیان هەیە ماوە ( عدة ) کەیان ئەوەندەیە تا سکەکەیان دادەنێن، پاش ئەوە ئیتر دەتوانن شوو بکەنەوە .

بەلاّم لێرەدا مەسئەلەیەکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە : ئایا ئەگەر هاتوو ژنێك پیاوەکەی مردوو و سکی هەبوو، وە بۆ کاتی منالّ بوونیش تەنها یەك هەفتەی مابوو، ئایا ماوە ( عدة ) ی ئەم ئافرەتەش هەر بەوە دەبێت کە منالّەکەی ببێت، یان دەبێت چوار مانگ و دە ڕۆژ بێت ؟

زانایان لەم بارەیەوە جیاوازیان هەیە بۆ دوو ڕاوبۆچوون :

ڕای یەکەم : دەلّێن : هەرکاتێك منالّەکەی بوو، ئەوا دەتوانێت شوو بکات و گرێ بەشتی هاوسەرگیری ببەستێت، بەلاّم هێندە

هەیە پیاوەکەی ناتوانێت بچێتە لای و لەزەتەی جووت بوونی لێوەربگرێت تاوەکو پاك دەبێتەوە لە خوێنی زەیسانی، ئەویش بە بەڵگەی ئەم ڕیوایەتە : قصة سبيعة الأسلمية، امرأة سعد بن خَوْلة؛ حين مات عنها زوجها وهي حامل، فولدت بعد بضعة أيام، ولما طهرت تجمّلت للخطاب، فدخل عليها رجل يُقال له: أبو السنابل بن بَعْكَك، فقال لها: رأيتك متجملة تريدين الزواج، ما أنت بناكحة حتى تأتي عليك أربعة أشهر وعشرة أيام ! يعني أخذَ بظاهر الآية:﴿يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا ﴾، فشكّت في ذلك وهي تقرأ الآية: ﴿وَأُوْلاتُ الأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنّ ﴾، فسألت النبي ( صلى الله عليه وسلم ) فقال لها: « قد انتهت عدتك، ولك أن تتزوجي » .

واتا : ئافرەتێك کە ناوی سەبیعەی ئەسلەمی بوو، ژنی سەعدی کوڕی خەولە بوو، کاتێك پیاوەکەی مرد، ئەم ژنە سکی پڕ بوو، پاش ئەوەی پیاوەکەی مرد بە چەند ڕۆژێك منداڵەکەی بوو، جا کاتێك کە پاك بوویەوە لە خوێنی زەیسانی خۆی جوان کرد بۆ ئەوەی داخوازیکاری بێت، پیاوێك کە ناوی (ئەبو سەنابلی کوڕی بەعکەك ) بوو بەو شێوەیە ئەم ژنەی بینی، پێی ووت : دەبینم خۆت ڕازاندووەتەوە و دەتەوێت شوو بکەیت ؟ چاك بزانە ناتوانیت شوو بکەیتەوە تاوەکو چوار مانگ و دە ڕۆژ دانەنیشیت، واتا ئەو پیاوە حوکمی بە ڕواڵەتی ئەو ئایەتە دابوو کەە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا ﴾، ژنەکەش

لەسەر ئەمە بەدەم ووتنەوەی ئەم ئایەتەوە کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَأُوْلاتُ الأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنّ﴾ واتا : ئەوانەی سکیان هەیە ( عدة ) کەیان منداڵ بوونەکەیانە سکاڵای خۆی بردە لای پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و لەم بارەیەوە پرسیاری لێکرد، ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : عدەکەت تەواو بووە، و دەتوانیت شوو بکەیتەوە .

ڕای دووەم : دەڵێن : دەبێت دوورترین ماوە بۆ ئەو ئافرەتانە دابنرێت کە پیاوەکانیان دەمرێت و سکیان هەیە، بۆ نمونە : ئەگەر هاتوو پیاوێك مرد و ژنەکەی سکی پڕ بوو، سکەکەشی یەك مانگ بوو، ئەوا لەم کاتەدا ئەگەر بێتوو بەراوردێك بکەین لەنێوان هەردوو ماوەکەدا ماوەی چوار مانگ و دە ڕۆژەکەدا، لەگەڵ ئەو ماوەیەی کە ماوە بۆ منداڵ بوونەکە، دەبینین ئەو ماوەیەی کە ژنەکە ماویەتی بۆ منداڵ بوونەکە زیاترە چونکە زیاتر لە هەشت مانگی ماوە، بۆیە دەبێت بڵێن ( عدة ) ی ئەم ژنە هەشت مانگەکەیە چونکە دوورتین ماوەکەیانە .

بەڵام ئەگەر هاتوو پیاوێك مرد و ژنکەی تەنها مانگێکی مابوو بۆ کاتی منداڵ بوونەکەی، ئەوا لەم کاتەدا ناڵێین : ( عدة ) ی ئەم ژنە تەنها مانگێکە چونکە یەك مانگی ماوە بۆ منداڵ بوون، بەڵکو دەڵێین : چوار مانگ و دە ڕۆژە، چونکە چوار مانگ و دە ڕۆژەکە دوورتین ماوەی نێوان هەردوو حاڵەتەکەیە، بەڵگەی ئەمانیش ئەوەیە دەڵێن : لەبەر ئەوەی کار بەهەردوو ئایەتەکە بکرێت

دەبێت دوورترین ماوە حساب بکرێت، چونکە هەردوو ئایەتەکەش مانای گشتگیر ( عام ) یان هەی، ناکرێت ئایەتەکیان بە ئایەتێکی تریان ( تخصیص ) تایبەت بکرێت، بۆیە لە پێناو کارکردن بەهەردوو ئایەتەکە ووتومانە دەبێت دوورترین ماوە دابنیشێت ئەوجا شوو بکاتەوە .

بەڵام لە راستیدا ڕای کۆمەڵێ یەکەم پەسەندترە، ئەویش لەبەر ئەوەی بەڵگەکانیان بەهێزترە، واتا : ئەو ئافرەتەی کە سکی پڕە و پیاوەکەی دەمرێت، پاش ئەوەی منداڵەکە بوو، دەتوانێت شوو بکاتەوە، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ناتوێت بچێتە لای پیاوەکەی و سەرجێی لەگەڵدا بکات، پاش پاك بوونەوەی نەبێت لە خوێنی ( نفاس ) زەیسانی .

خوای گەورەش زاناترە ..